**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٢٦**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١١/١٣**

**(( بــڕیـــار ))**

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠٠٠/١١/١٣)یدا بە پێی حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە ، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دا :

١. لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا / بڕیاری ژمارە (٨١٥)ی رۆژی (١٩٨٢/٦/٢٠)ی ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕشی عێراقی لە کارخرا .

٢. ئەوانەی کە بەهۆی کارەساتی (مەرکەبە)وە وەبەردەکەون یان گیان لە دەست دەدەن ، چ خۆیان چ کەس و کاریان ، لەبەردەم دادگا پێوەندارەکاندا داوای قەرەبوو لەسەبەبەکار بکەن .

٣. حوکمەکانی ئەم بڕیارە ، ئەو کارەساتانە دەگرێتەوە کە دوای وەکارخستنی روودەدەن .

٤. هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێ ، ناخرێتەکار .

٥. پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنەکار .

٦. ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا ، دەخرێتە کار.

**د . رۆژ نـــوری شـاوەیـس**
**سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

**(( هۆکارە پێویستەکان ))**

ئوتومبێلەکان ، بەگشتی بەر لەوەی حکومەتی مەرکەزی ئیدارەکانی خۆی لە هەرێم بکێشێتەوە ، هەر هەموویان بە پێی یاسای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٨٠ بە ئیلزامی بیمەکرابوون و ، شیرکەتی بیمەکردنی نیشتمانیی عێراقیش ، کاتی خۆی قەرەبووی زەرەرمەندانی رووداووکارەساتی ئوتومبێلی لەو قیستانەی کە خاوەن ئوتومبێلەکان دەیانداو لەو رێژەیەی کە لە داهاتی پەترۆڵ بۆی دیاری کرابوو دەکردەوە ، جا شیرکەتی بیمەکردنی نیشتمانیی عێراقیش کە دەزگاکایەکی مەرکەزی بوو و ، پارەی پێویستی بۆ قەرەبوو کردنەوەی زەرەرمەندان بە هەموو لقەکانی خۆی دەداو ، لەبەر ئەوەش کە بەهۆی کێشانەوەی ئیدارەکانەوە پەیوەندیی ئەو شیرکەتە لەگەڵ نووسینگەکانی ناو هەرێمیدا پچڕاوەو نەماوەو ، هەرێمیش لەو رێژە دیاریکراوەی داهاتی پەترۆڵە بێ بەش کراوەو ، ئێستاش حکومەتی هەرێم توانای زیندوو کردنەوەی ئەو شیرکەتەی نییە کە بەپێی بڕیاری ژمارە (٨١٥)ی رۆژی ١٩٨٢/٦/٢٠ بتوانێ ئیلتیزاماتی خۆی بەجێ بهێنێ ، لەبەر ئەوەش کە بڕیاری ناوبراو دادگاکانی لەوە قەدەغەکردووە گوێ لەو دەعوایانە بگرێ کە زەرەرمەندان بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٨٠ی بیمەکردنی ئیلزامی داوای قەرەبووی مردن یا ئیصابەی مەدەنی بکەن ، کە ئەوەش بۆشاییەکی یاسایی ناوەتەوەو پێویستە پڕ بکرێتەوەو چارەسەر بکرێ ، جا لەبەر ئەوەو ، لە پێناوی ئەوەشدا کە مافی هاووڵاتیانی هەرێم بپارێزرێ و بتوانن بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایانەی کە کاریان پێ دەکرێ داوای قەرەبووی زەرەر و زیانی خۆیان بکەن کە لەو رووداوانەوە پەیدابوون ، ئەم بڕیارە یاساکاری کرا .